# شیعری کوردی بەزمانی ئینگلیزی

## "زنجیرەی ئەو زمان و کلتورانەی مەترسی لەناوچونیان هەیە"

خوێندنەوەی: سەعید محەمەد عومەر

بەرگی کتێبەکە




هیچ لایەنێکی ئەدەبی هێندەی شیعر لە فەرهەنگ و کلتوری ئێمەدا پێگەی بەهێزی داگیرنەکردوە،ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ پاشماوەی کلتوری نەتەوایەتی ئێمە بگەڕێتەوە لە ڕابردودا،ئەوەی مایەی لەسەروەستانە لەم لایەنە ئەدەبیەدا فرەیی وهەمەچەشنی شیعرە لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا ،ئەم هەمەچەشنیەش جێگەی وتوێژی شیعر خۆیەتی بەپلەی یەك،لەم سۆنگەیەوەو لە سەرەتای ئەم ساڵدا زانکۆی ئۆپسالا لەوڵاتی سوید کتێبێکی قەبارە مام ناوەندی بەزمانی ئینگلیزی لەسەر ئەزمون ودەنگە جیاوازەکانی شیعری کوردی لە پیرەمێردو دڵدارو مەلاجەزیریەوە تا شاعیرانی هاوچەرخ بڵاوکردوەتەوە...

ئەم کتێبە هەوڵێکی هاوبەشی "ڕەفیق سابیرو کەمال میراودەلی وستیڤن واتس"ەوچەند نمونەیەکی شیعری چەندشاعیرێکی کوردی لەخۆگرتوە لەگەڵ کورتەیەك لەسەرئەزمونی شیعری هەریەکەیان،ئەمە جگە لەوەی لەبەشی یەکەمدا د.ڕەفیق سابیر لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر ئەزمون و مێژوی شیعری کوردی لە سەردەمی بابانی و ئەردەڵانیەکانەوە تادەگاتە لای دڵدارو حاجی قادرو گۆران و شێرکۆبێکەس و پەشێو ،نوسیوە،ئەم پێشەکیە بە بڕوای من دەروازەیەکی زۆرباشە بۆخوێنەرێکی دورە دەست بۆئەوەی بیەوێت لەئەزمونی شیعری نەتەوەیەکی پەرتەوازەو بێ دەوڵەت ئاشنابێت،ئەمەجگەلەوەی ئەو نوسینەی ڕەفیق سابیر شرۆڤەیەکی جوانی شیعرە لای ئێمە لە ڕەهەندە مێژوییەکەیەوە تا قۆناغی مۆدێرنی

شیعری کوردی،لەگەڵ کاریگەربونی پیرەمێردو چاپخانەکەی و ڕۆژنامەی ژین و کاریگەری هەمو ئەمانە لەسەر ئەم لایەنە گرنگەی ئەدەبی ئەم میللەتە..

کەمال میراودەلی چ وەك شاعیرێك چ وەك لێکۆڵەرەوە بەکورتی و بەزمانێکی زۆرپاراو لەسەرئەو ئەزمونە شیعریانە دواوەو تێبینی و هەندێ سەرنجی جوانی نوسیوە،پاشان پۆلینکردنی قۆناغەکانی شیعری کوردی بەپێی مەودای مێژویی لەسەردەمی کلاسیکەوە بۆسەردەمی گۆران و ئەزمونی دوای گۆران و تا دەگاتە ئەزمونی شیعری ژنان کە چەندین ناو لەم کتێبەدابەخوێنەرئاشنادەکرێت...

چاپکردنی ئەم کتێبەش کە لەلایەن "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیتنیکی جۆراو جۆر"ەوە دیارە هۆکاری سەرەکیش ئەو دروشمەیەکە لەپێناو زنجیرەی ئەو زمانان وکلتورانەی کەمەترسی لەناوچونیان لێدەکرێت،ئەم دەستەواژەیە چەندین ساڵە جێگەی وتوێژی نێوەندە ئەکادیمیەکانە،ئەمە جگەلەوەی‌ئەم هەوڵە ناساندن و ئاشناکردنی خەڵکی ئەسکەندەناڤیایە بەجیاوازی کلتوروزمانی کوردی ،بەتایبەتیش ئێستا وڵاتانی ئەسکەندەناڤیالەبەردەم هەمەچەشنی و هەمەجۆریەکدان لەزمان و نەتەوەومیلەت ،بێگومان ئەزمونی شیعری و ئەدەبی ئەو میلەتانەش بۆئەوان مایەی گرنگی وبایەخی تایبەتیە..بەبڕوای من چەند شتێك لەم کتێبەدا مایەی هەڵوێستەو گرنگیە دیاترینیان هەڵبژاردنی شاعیرو ئەزمونەکانە،من بۆخۆم نازانم کە لەسەرچ بنەمایەك ئەم هەڵبژاردنەکراوە،بەلاّم دەزانم جیاوازیەکی زۆرهەیەلەڕیتم وشێوازو بینای شیعریەتی ئەو شاعیرانە گەربەنمونە باسی شیعری "محەمەد عومەرعوسمان و دلاوەرقەرەداغی و قوبادی جەلیلزادە" بکەین،زۆرجیاوازە لەئەزمونی شیعری"ئەحمەدی مەلاوکەریم دەشتی و جەلال بەرزنجی و دڵشادعەبدڵاونەزەند بەگیخانی"بەتایبەتی لەسەرئاستی زمان و ڕیتمی شیعری ،بێگومان ئەم جیاوازیەش فرەیی و فرەدەنگی لەئەزمونی ئەدەبیماندا دەردەخات.

خاڵێکی تریش هەڵبژاردنی شاعیرەکانەلەناو ئەم کتێبەدا، ڕاستە هەڵبژاردنەکە ئارەزومەندانەیە،بەڵام بەبڕوای من بۆشاییەکی گەورەی تێدایە کەئەویش قسەنەکردن وهەڵنەبژاردنی شیعری شاعیرانی دهۆك و بادینانە،ئەمەش نەك لەسەرئەساسی ناوچە بەڵکو لەسەربنەمای زمان و دیالێکتی قسەکردن،کەوەك ئاشکرایە ئەوان دیالێکتێکی جیاوازتریان لە ئاخافتن هەیە بێگومان ئەم جیاوازیەش ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لەئەدەب و شیعریشداهەیە..